**ستراتێژی "تشکیلاتی" حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان**

# پرۆژە و ستراتێژی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**بەشی 6**

## ئێران و کوردستان

**کوردستان**

لە بەر ئەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە میللەتەکەی و خاکەکەی و سەروەت و سامان و چارەنووسەکەی لە ژێر دەستەڵاتی وڵاتێکی دیکە دایە. هەر بۆیە بۆ باس کردن لە هەر دیاردەیەکی پەیوەست بە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ باس لەو وڵاتە بکەین کە ناوی "ئێران"ە.
لە بەر ئەوە، ئەگەر رۆژێک لە رۆژان حزب و دەستە و گرۆپی سیاسی لەو بەشەی کوردستان دروست کرابێ، ئەوە بەو مانایە لێکدەدرێتەوە کە حزب لە بەشێک لە خاکی ئێران دروست کراوە.
هەر کام لەو حزبانەش کە لە ماوەی 60 ساڵی رابوردوودا دروست کرابن، خۆیان بە حزبی بەشێک لە وڵاتی ئێران زانیوە، جگە لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.
دەستەڵاتدارانی حکومەتی ئێران خاک و نەتەوەی کوردیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەر چوار ستانی کرماشان، ئیلام، کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا دابەش کردوە، کە ئەوەش کارتێکردنی راستەوخۆی لە سەر کاری حزبی و سیاسی و رێکخراوەیی ئەو حزبانە هەبووە و مەیدانی سیاسی ئەوانی لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لە دوو ستانی کوردستان و ئازاربایجانی رۆژئاوا بەرتەسک کردۆتە، کە لێرەش هەموو پانتای ئەو دوو ستانە ناگرێتەوە و زۆرترین چالاکییەکان لە مەڵبەندی موکریان و ناوچەکانی سەر سنووری باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان بیندراوە.
مێژووی کۆماری کوردستان لە مەهاباد(1946)، خەباتی ساڵانی 1346 و 47 (1967-68)و ساڵانی پاش 1357 (1979) بەرتەسکی کاری سیاسی و رێکخراوەیی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەردەخات.

**ئێران**

دروستکردنی رێکخراو لە چەشنی حزب لە ئێران، دیاریی "بیرمەندانی ئێرانی" هەندەران نشین بوو. هەر وەک چۆن فەلسەفە و ئیدئۆلۆژی و فکری سیاسی و زۆر کاڵای مادی و مەعنەوی دیکەی رۆژئاوا، لە ژێر ناوی جیاوازدا بە نییەتی چاک و خراپ گەیشتوونەتە ئێران، بیری دروستکردنی تەشکیلاتی سیاسیش نزیک 100 ساڵ بەر لەئێستا لە دەرەوەی ئێرانەوە هێنرایە ناو ئەو وڵاتە.
کالا مەعنەوییەکانی وارادتی یا فۆرم و شکڵە هاوردەکانی حزبایەتی ، رەنگە لە ماهیەتی خۆیاندا زۆر باش بووبێتن، هەروەها ئەو کەسانەی کە لە ئێران کاڵافکرییەکانیان کردۆتە خۆراکی فکری و کاری حزبیان، رەنگە ناشی و دەستەوەستان و چەپەڵ و نابەکار نەبووبێتن، بەڵام کاڵای فکری و سیاسی و تەشکیلاتی ئەو کۆمەڵە کەسانە بەری نەداوە و لارێیی و چەوتی لە هەموو لایەنەکانی فکری و ئیدئۆلۆژی و سیاسی و تەشکیلاتی و حزبی، بەرچاو بووە و مێژووی حزبایەتی لە ئێران مێژووی کارەساتە دڵتەزێنەکانە کە ئێستاش هەر بەردەوامە.
ئەوە راستە کە بوونی دیکتاتۆری و نەبوونی ئازادی و سەرکوتکردن و زەبروزەنگ، رێگر بووە بۆ کاری سیاسی لە ئێران، بەڵام سەقەت بوونی بیروفکر و سیستمی تەشکیلاتی ئەو حزبانە، تەواوکەری دیکتاتۆری زاڵ لە وڵاتە بووە، هەرچەند بە گفتی خۆیان "مبارز"یان کردبێ یان هەزاران "شەهید"یان دابێ.

ئەوەی زۆر بە وردی لە سەد ساڵی رابوردودا چی لە ئێران گوزەراوە و ئەو هەموو حزب و رێکخراوە رەنگاورەنگە سیاسی و نیزامییانە، چییان کردوە، لێرەدا باس ناکرێ، بەڵام ئەوەی کە بۆ هەرکام لە ئێمە دەمێنێتەوە، زەق بوونەوەی بوونەوەی یەک پرسیارە ئەویش ئەوەیە:
<u>" بۆ ئەو هەموو حزب و رێکخراوانە کە بە وتەی خۆیان باشترین فکری سیاسیان بۆ نەجاتی وڵاتی ئێران و خەڵکەکەیان بە "ئەرمەغان" هێنابوو، سەرنەکەوتن؟"</u>
ئایا تەنیا ئەوەی حکومەتەکان جابر و سەرکوتگەربوون، هۆی شکست و تێکچوونی ئەوانە بووە؟ یان ئەوەی هەموو ئەو رێکخراو و سازمان و حزبانە، گەرایی تێکشکانی خۆیان لە وجودی تاکە کەسی خۆیان و رێکخراوەکەیاندا چاندوە و پەروەراندووە!؟
چارەنووسی هەموو ئەو حزبانە و ئەندامانیان بە کۆمۆنیست و میللی و میللی مەزهەبی و راست و چەپ و میانە، چارەنووسی تێکشکان و تێکشکان و لە یەک جیابوونەوە و تێکدان و دروستکردنەوەی رێکخراو و رێکخراو بووە.

هەر تێکشکانێکی تەشکیلاتی یان سیاسی، تێکشکانی فکری و بنەمافکرییەکانیشە. ئەو فکر و فەلسەفە سیاسیانەی کە لە ئوروپا بە تایبەت لە ئاڵمان و فەرانسە و بریتانیا و روسییەوە هێنرانە ناو ئێران و کوردیش یەکێک لە "کڕیارە" هەر باشەکانی بوو، نەیتوانی ببێتە خوراکی فکری خەڵک و نەیتوانی ببێتە مایەی فکری جیددی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئینسانەکاندا.

فکر و تەشکیلاتی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە کێبەرکێی فکریی لە گەڵ فکر و بیری سونەتی میللی گەرایانە، پان ئێرانیستی و شاهەنشاهی و بە تایبەت لە کێ بەرکێی فکری و ئایینی لە گەڵ حکومەتی ئیسلامیدا دوچاری شکست بوو. ئەو فکر و فەلسەفەیەی کە خەڵکی ئوروپای بەرەو گۆڕانی بنەڕەتی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئیقتیسادی برد، لە ئێران جیا لەوەی لە لایەن حکومەت و دەزگاکانی داپڵۆسێنەرەوە دژایەتی لە گەڵ کرا، لە ناو خۆی حزبەکانیشدا بوو بە مایەی گەندەڵی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە هەموو تەشکیلاتەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و هەر ئێستاش بەردەوامە.

ئەگەر بیری مارکسیستی و کۆمۆنیستی خۆی لە یەکیەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیراندا نیشان بدات، ئەوە لە ئێران ڕاست ئەو بیروهزرە بوو بە مایەی "ئینشقاق" و دابڕان و لە یەک دوور کەوتنەوە و نەبووە مایەی یەک گرتن.
لە هەر جوڵانەویەکیشدا ئەگەر فکر و تەشکیلات لە سەردەمەکاندا بۆ ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش بەکار نەهێندرێ، ئەو جوڵانەوە دووچاری تێکشکان و شکست دەبێت.
بەکارهێنانی فکری چەپ و مارکسیستی، لیبڕال و ناسیۆنالیستی لە لایەن ئێرانیەکانەوە بە کوردیشەوە لە چوارچێوەی تەشکیلاتیدا جگە لە تێکشکان بەرهەمی نەبووە.
ئەگەر دوو لایەنی فکری و سیاسی و تەشکیلاتی و بوونی دیکتاتۆری دوو هۆی سەرەکی تێکشکانەکانی حزبایەتی لە ئێران بووبێت، ئەوە چەند نەتەوە بوون و چەند فەرهەنگ بوون و چەند زمان بوونی خەڵکانی سەرزەمینەکانی ئێران، یەکێکی دیکە لە فاکتۆرە هەر گرنگەکانی تێکشکانی پرۆژەی سیاسی حزبەکانی ئێرانی بووە.
تەشکیلاتی ئێرانی و سەراسەرییەکان و تەنانەت تەشکیلاتی ناوچەیی حزبەکانی وەک حزبی دێموکرات، سەرچاوەی فکری و سیاسییان یەک دەگرنەوە.
هەڵگرانی فکری تۆتالیتێری مارکسیستی، ناسیۆنالیستی ئێرانی(فارس) و ئیسلامی لە چوارچێوەی حزبەکانیاندا نەیانتوانی یان نەیانویست پرۆژەی گونجاو بۆ دابین کردنی مافی نەتەوەکانی سەرزەمینی ئێران دابڕێژن و بۆ جیبەجێکردنی تێبکۆشن، ئەوەش ئەوانی هەرچی زۆرتر بەرەو قەیرانی ناوخۆیی سیاسی و ناسیاسی کێشا.
هەر لێرەوەش تووی تێکشکانی ستراتێژیی سیاسی ئەو ڕێکخراوانە لە ناو سیستمی فکری و تەشکیلاتی و سیاسیاندا چەکەرەی دا، هەر بۆیە سیستمی تەشکیلاتیان بۆ سەرزەمینە جیاوازەکانی ئێران و نەتەوەکانی نە فارس سازگار نەبوو. تەشکیلاتی ئەو حزبانە یەک قوتبی و سانترال و یەک نەتەوەیی بوو، واتە دەستەڵاتی فکری و سیاسی و فەرهەنگی و مێژوویی نەتەوەی فارس زاڵ و دەستەڵاتدار بوو، لە پراکتیکدا ئەو حزبانە خۆیان بوون بە شوێنێک بۆ چەوساندنەوە وتواندنەوەی نێژادی و فەرهەنگی نەتەوەکانی نەفارس و زەوتکردنی مافیان.

ڕوون و ئاشکرایە حزبێکی وا کە تەنیا مافی یەک ئێتنیک بەرەسمیەت دەناسێ و خەڵکانی دیکە هان دەدا بۆ ئەوەی هەمان پێناسەی ئێتنیکی لە خۆیان بکەن، سەر ناکەوێ. نە تەنیا حزبێکی لەو چەشنە، بەڵکوو دەوڵەوت و حکومەتێکی واش سەرئەنجام نابودی و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی لە پێشە.

ئەوەش دەبێ بگوترێ هەموو سووچی ئەو رابوردووە ناکەوێتە سەر شان و ئەستۆی فارسەکان، ئەندامانی نەفارسی ئەو ڕێکخراوانە خۆیان بە ڕەغبەتی خۆیان تێکەڵ ئەو حزبانە بوون و تەنانەت لە رابەری هەموو حزبەکانی سەراسەری ئێران دا، کەسانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە لەوانە کورد هەبوون و بگرە بەرپرسی یەکەمیشیان کورد بووە، بەڵام سیاسەتی ڕەچاوکراو هەر ئەوە بووە کە باس کرا.
کەوایە هەر لە دەستپێکی کاری حزبی، لە ئێران ئێمە روبەرووی چەند گرفتی سەرەکی فکری و سیاسی و تەشکیلاتی بووین کە هەر ئێستاش چارەسەر نەکراوە.

سەرئەنجام دەگەبینە ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە ڕێگاکان لە یەک جیا دەبنەوە و حزب و تەشکیلاتی حزبی و فکری سیاسی زەرفی خۆیان پەیدا دەکەن و سەرتاپای ئێران دوچاری پرۆسەی پۆلاریزاسیۆن دەبێ. ئەم پرۆسەیە هەر ئێستاش بەردەوامە، بە تایبەت لە کوردستان پولاریزاسیۆن دەوری مەنفی و نگاتییف دەبینێ و یارمەتی کۆلێکتیوێکی سیاسی نادات. بەردەوامی ئەو وەزعە بە مانای هەڕەشەی جیددیە کە لە کوردی ڕۆژهەڵات دەکرێ، ئەویش نە لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەزگاکانیانەوە، بەڵکوو لە لایەن ئەو حزب و دەستە و گروپانەوە کە ئیدیعای رزگاری خەڵکی کورد بە زمانی سیاسی جیاواز دەکەن.
درێژەی ئەو وەزعە لە ناو هێزەکانی سیاسی سەراسەری دوور نییە حزبەکان بەرەو شەڕی یەکترو شەڕی ناوخۆیی و گرژی و ئاڵۆزی سیاسی زۆرتر بەریت. لە پێش هاتنی حاڵەتێکی وادا چارەنووسی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوە ناڕوونی زۆرتری سیاسی دەکێشرێ و ڕەنگە خەڵکی کورد روبەرووی کارەساتی سامناک بێتەوە. لە بەر ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات تەنیا لە گەڵ حکومەتی ناوەندی کێشەی نییە، بەڵکو کێشەی لە گەڵ نەتەوەکانی

دەوروبەری خۆشی هەیە کە هەموو ئەو کێشانە لە کاتی خۆیدا دەتوانێ ببێتە مایە بۆ دەستپێکردنی شەڕی زۆر خوێناوی، ئەوەش بە مانای وەدواکەوتنی هەرچی زۆرتری رزگاری خەڵکی کورد و روبوورووبوونەوە لە گەڵ تراژیدی نەتەوەیە.

چارەنووس و رابوردووی کوردەکان رەنگە هێندێک جیاوازی لە گەڵ ئەوانی تر هەبێ، بەڵام لە ئاکامدا حزب و رێکخراو و دەستەو گروپە سیاسی و نیزامییەکانی کوردیش هەمان رابوردویان هەیە و تێکشکان(سیاسی، نیزامی، تەشکیلاتی، تەبلیغاتی) خاڵی هاوبەشی هەر هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ حزبەکانی سەراسری ئێرانە.
رەنگە لە روانگەی بەرێوەبەران و ئەندامانی هەر کام لەو حزبانەوە، ئەوان تێکشکاو نەبن و خۆیان لە کێ بەرکێ سیاسیدا بە دۆڕاو نەزانن و پەسنی خۆشیان بدەن. ئەوان رەنگە مافی خۆیان بێ کە وا سەیری خۆیان بکەن، بەڵام فاکتەکانی مێژوویی بەرهەمی سیاسی هەرکام لەوانە نیشان دەدات.

ئەگەر بەشێک لە تێکشکانەکان بۆ بەرنامەی سیاسی و لێکدانەوەی سیاسەتەکان و لێکدانەوەی بارودۆخ و بوونی فکر و ئیدئۆلۆژی و تیئۆری چەوت و لاڕێ بگرێتەوە، ئەوە بەشەکەی دیکەی دەگەرێتەوە بۆ فکری تەشکیلاتی، چارت و سیستم و ساختاری ئەو حزبانە و رەوابت و هەڵس و کەوتی ئەندامانیان لە گەڵ یەکتر.
ئەوانە و کۆمەڵێک بابەتی پەیوست لەو نووسراوەدا باسیان لێ دەکرێ.

**پرۆژە و ستراتێژی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان**

ئەگەر لە ئوروپا حزبایەتی لە سەدەی هەژدەی زایینییەوە دەستی پێ کردبێت ، لە ناو کورددا سەرەتای سەدەی بیست و لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی نیوسەدەی یەکەمی ئەو سەدەیە، سەرەتای دەست پێکردنی سازکردنی حزب بووە.

لە ماوەی 100 ساڵی رابوردوودا کورد چەند چەشنە پرۆژەی سیاسی هەبووە، یەکەم سەربەخۆیی، دووهەم ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری، و ئەمرۆش فدرالیسم. لە نێوان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و فدرالیسم دا پرۆژە و وردە پرۆژەی دیکەش هەبوون کە لە دەورە وسەردەمی تایبەتدا هاتوونە پێش.
پرۆژەی یەکەم قەوارەی سیاسی سەربەخۆ و پرۆژەی دووهەم و سێهەم قەوارەی سیاسی گرێدراو لە گەڵ قەوارەێکی سیاسی تردا بووە.
لە حاڵەتی یەکەمدا کورد دەبوو بیر لە رێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە. حزب و رێکخراوێک بۆ یەک نەتەوە و یەک وڵات پێک بێنێ.
لە حاڵەتی دووهەم و سێهەمدا(واتە خودموختاریی، ئۆتۆنۆمی و فدرالیسم) دەبوو بیر لە رێکخراو و حزبێک بکاتە کە گرێدراو بێ لە گەڵ سیستمی حکومەتی مەرکەزی و تایبەتمەندییەکانی سیاسی و ئیداری ئەو وڵاتە لە بەرچاو بگرێ.
بۆ هەرکام لەو حاڵەتانە دەبوو دوو چەشنە ریکخراو و رێکخستنمان لە کوردستان هەبێ، کە هەرواش بووە.
رێکخراوەکانی دەستەی دووهەم و سێهەم بە دوو تاقم دابەش دەکرێن. یەکەم ئەو رێکخراوە ناوچەیانەی کە تایبەت بە کوردەکان بوون و خۆیان بە حزبی کوردستانی زانیوە.
دووهەم ئەو رێکخراوانە کە سەراسەری بوون و کوردەکان بەشێکی تایبەت لەو حزبانە بوون و لە ژێر ناوی کۆمیتە یان سازمانی کوردستانی ئەو حزبانەدا کاریان کردوە.
زیاترحزبەکانی چەپ و کۆمۆنیست و دێموکرات کۆمیتە یان سازمانی کوردستانیان هەبووە. حزبەکانی راست و ملی و تکنۆکرات و ئایینی هیچ نرخێکیان بۆ کوردبوونی ئەندامەکانیان وەک کورد و کوردستانی دانەناوە وهیچ پێناسەیەکی جیا لە ئێرانی واتە(فارس)یان بۆ قایل نەبوون.
ئەم رێکخراوانە مۆنۆناسیۆن(تاک نەتەوە) بوون، نەتەوەیەک کە دەستکرد بووە و هیچ پێناسەیەکی ئیتنیکی و رەگەزی و زمانی و فەرهەنگی و مێژوویی تێدا بەدی ناکرێ، ناوی ئەو نەتەوەیەش"ئێران" بووە و لە سەر هەمان بنەمای ئیدئۆلۆژی و سیاسەت و فکر داڕێژراوە و حزب و رێکخراویش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەمان ئامانج و ئیدئۆلۆژی و فکر و بەرنامەی سیاسی پێک هێندراوە. ئەو حزبانە شوێن و ناوەندی تواندنەوەی نەتەوەکانی نەفارسی سەرزەمینەکانی"ئێران" بوون. ئەم رێکخراوانەش گەورەترین زیانی فکری و سیاسییان بە کورد و کۆمەڵگاکەی گەیاندووە.

ئەو حزب و رێکخراونەش کە بە ناوی کورد و کوردستان بۆچوونی چەپ و کۆمۆنیستی و سوسیالیستی، سوسیال دیموکراسی و هەروەها ناسیۆنالیستیان هەبووە، خاوەنی بەرنامەی تایبەتی، تایبەت بە کوردستان نەبوون. ئەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان خاوەنی بەرنامەیەکی سەراسەری بۆ ئێران بوون[لە تورکیا و عێراق و سوریاش هەروا] و لە ناو ئەو بەرنامە گشتی(سەراسەری)ەدا، خۆیان پێناسە کردوە. دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان یان

خودموختاری بە دەستی شواراکانی کۆمەڵە و چریکەکان بەشێک لە بەرنامەی سیاسی سەراسەری ئەو حزبە کوردستانیانە بوون کە ئێستاش بە فدرالیسم گۆڕاوەتەوە.
ئەم بووچوونە زۆرتر دەسەلمێندرێ کاتێک ئەو حزبانە لە باری ڕێکخستن و ڕێکخراوەییەوە هەڵسەنگێندرێن. بۆ وێنە حزبەکانی کوردستانی ئێران، لە باقی بەشەکانی ئێران جگە لە کوردستان خاوەنی ڕێکخستن نەبوون. ئەوان بەرنامەی سیاسیان بۆ سەراسەری ئێران دارشتووە، بەڵام ڕێکخراو تەشکیلاتیان تەنیا بۆ کوردستان پێک هێناوە.
بەرنامەی سیاسی هەرکام لەو حزبانە ئێرانیچییەتی بووە و ئێستاش هەر وایە و دەزگا و ڕێکخراوەکانیشیان لە لایەنی تەشکیلاتییەوە کوردستانی ماوەتەوە. بە واتایەکی تر ئەو حزبانە هیچ کات دەنگیان نەگەیشتۆتە خەڵکانی دیکە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، هەر بۆیە ڕژیمەکانی یەک بە دوای یەکی ئێران چ شاهەنشاهی و چ کۆماری ئیسلامی توانیویانە لە بێ دەنگی و بێ ئاگایی خەڵکانی دیکەی ناو سەرزەمینەکانی ئێران، کە کەوتبوونە ژێر پروپاگەندەی بەربڵاو و ژەهراوی ئەو ڕژیمانەوە، کوردستان و خەڵکەکەی سەرکوت بکەن.

<u>ئەوە یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی سیاسی و بەرنامەیی و ڕێکخراوەیی کوردەکان لە ماوەی 70 ساڵی ڕابوردوودا بووە و ئێستاش گرفتی سەرەکی و بنەرەتییانە.</u>

هەرکام لەو حزبانە بەرنامەی سیاسیان بۆ سەراسەری ئێران داناوە، بەڵام ئەهروم و کەرەسەی جێ بەجێکردنیان لەبەر دەستدا نەبووە و نییە.
لە لایەنی سیاسییەوە ئەو حزبانە حەولیان داوە ئەو نوقسانە جیددیە بە پێکهێنانی بەرە و جبهە گەڵ هێزەکانی سەراسەری ئێران چارەسەر بکەن، کاریک کە هیچ سەری نەگرتووە.
هیچکام لە حزبەکانی سەراسەری ئێرانیش ڕۆژێک لە ڕۆژان حەولی ئەوەیان نەداوە پروپاگەندە بۆ بەرنامە و سیاسەت و بۆچوونەکانی حزبە کوردییەکان لە باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران بکەن.

<u>کە وایە لە ماوەی 70 ساڵی ڕابوردوودا حزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانیوە لە باری فکری و بەرنامەیی و ڕێکخراوەییەوە خۆی ساخ بکاتەوە.</u> هەر هەنگاوێک کە هەڵهێنابێتەوە دوچاری شکست بوون.

ئیدە، فکر، بیر و هزر لە ڕێگای ڕێکخستن و ڕێکخراوەوە دەچێتە ناو خەڵکەوە. ئیدە و ڕێکخستنی کوردەکان لە 70ساڵی ڕابوردوودا لە حاڵەتی بوونی تەشکیلاتی چەشنی دووهەم و سێهەم، نە تەنیا یەکتریان نەگرتۆتەوە، بەڵکوو دژ بە یەکتر بوون.
<u>دارشتنی ستراتێژی سیاسی لە سەر بنەمای "ئیدەی سەراسەری و ڕێکخراوەی ناوچەیی" سەرئەنجام شکستی لە دوایە،</u>
هەروەک چۆن ستراتێژی سیاسی  خودموختاری و ئۆتۆنۆمی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەت لە باشور و ڕۆژهەڵات هەر بە پێی ئەو ناتەباییانە کە باس کرا، لە مەرحەلەی "ئیدە"دا شکستی خوارد و بوو بە هۆی ئەوەی هەزاران کوژراو و ئاوارەو بریندار و کارەساتی وەک ئەنفال و هەڵەبجەی لێ بکەوێتەوە.

ئۆتۆنۆمی خوازانی باشور پاش دەیان ساڵ "شۆڕش"ی سوور، توانیان "وشەی ئۆتۆنۆمی" لە سەر کاغەزی مۆرکراوی دەوڵەتی عێراقدا ببینن. بەڵام بە دانی ئەنفال و هەڵەبجە و وێرانی 2500 گوند و وڵاتێکی خاپوور و نەتەوەێکی تێکدراو نەیانتوانی خودموختاری یان حوکمی زاتییەکەیان دابین بکەن، هەر بۆیە بە بێ دەنگ  لە بەرنامەی حزبەکانیان سڕییانەوە و کورد گوتەنەی ئاو لە ئاویش تەکانی نەخوارد.
 حزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر هەموویان بە خشکە خودموختاری و خودموختاری بە دەستی شۆڕاکانیان لە بەرنامەکانی خۆیان کووژاندەوە، بە بێ ئەوەی 20 تا 50 ساڵ کار وخەباتیان بۆ ئەو ستراتێژییە لێکبدەنەوە.

بەشێک لەو حزبانە لەوە دەچێ دژایەتی نێوان ئیدەو و بەرنامە و ستراتێژی ڕێکخستن (ئۆرگانیزاسیۆن)یان دەرک پێ کردبێت، بەڵام بە جێگای پەنابردن بۆ چارەی بنەرەتی گرفتەکە، خۆیان تووشی گێرەوکێشەی قوڵتر کردۆتەوە. ئەوانە باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن بەڵام، دیسان تەشکیلاتیان و سیاسەتیان ئیرانیە. سیاسەتی زارەکی و نووسراویان لە دەوری ئێران دەسووڕێتەوە، لە کاتێکدا حزبەکەیان نە تەنیا لە کوردستان نییە، بەڵکو لە دەرەوی سنووری کوردستان و ئەندامانیان لە ئوردوگایەک و لە کۆمەڵە ماڵێکدا دەژین کە بە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش حیساب ناکرێ.  ئەو حزبانە لە حاڵەتێکی وادا لە باری سیاسی و تەبلیغاتیشەوە بەناچار لە ناڵ و لە بزمار دەدەن.

**درێژەی هەیە..........**